# جەژنی قوربان
# جەژنی ژیانە نەک مەرگدۆستیی

عەبدولڕەحمان سدیق

هەولێر- کوردستان
چاپی یەکەم

١٤٣٤ کۆچی ٢٠١٣ زایینی ٢٧١٣ کوردی

لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی تەنفیزی
یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
زنجیرە ( ٢٩ )

پـڕ بـەدڵ سـوپاسو پێزانینـی خـۆم ئاراسـتەی مەكتـەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیـسلامی كوردسـتان دەكـەم بەتایبەتی بەڕێز مەلا عبدالله مەلا سـەعید گرتكی سـەرۆكی یـەكێتی زانایـانی ئـاینی كـە ئـەركی بەچـاپ گەیانـدنی ئـەم نووسینەیان خستە ئەستۆ... هیوادارم هـەر پایـەدارو تەمـەن درێژ بن.

عەبدولڕەحمان سدیق

* ناوی كتێب: جەژنی قوربان ، جەژنی ژیانە نەك مەرگدۆستیی
* ناوی نووسەر: عەبدولڕەحمان سدیق
* نەخشەسازو بەرگ: كۆمپیوتەری دەریا
* نۆرەی چاپ: یەكەم ٢٠١٣
* چاپ: چاپخانەی رۆژهەلات- هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قورئـان، خـوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە قوربان دەکات و وشەی (القربان) دیارە هەر وەکو دەستەواژەکانی دیکـە داتاشـراوی وشـــەی (قـــرب)و (قریـــب)ە، بـــەو مانایـــەی کەبریتییـــە لـــە نزیککەوتنەوەو، خۆ نزیککردنەوە لە خـودا بـەم کـارەی کـە دەکرێت بـەم شـێوازەو، بـەو مەبەسـتەش لێـی، بۆیـە نـاوی قوربانە، واتە بەم کارە دەمانـەوەێ نزیکبینـەوە لـە خـودای گەورە هەروەکو کڕنوشیشی بۆ دەبەین وەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێ ﴿وَاسْـجُدْ وَاقْتَـرِبْ﴾ ئەمـە هـەر بەڵگەیـە لەسـەر ئەوەی ئێمە تەواوی عیبادەتەکانمان بۆ (قرب)ە، (صلاة) بۆ (صـلة)یـەو، (سـجود) بـۆ (ئـیقتراب)ەو، قوربـانیش بـەمانای نزیکبوونەوەیە.

ئەم مێژووە دیارە مێژوویەكی زۆر كۆنە هەر لەسەردەمی نەوەكانی ئادەمەوە خوای گەورە ئاماژەی پێ دەكات لەسورەتی (المائدة) ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِن أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ﴾ چۆن زانرا خودا لەوی قبوڵكردو، لە قابیلی قبول نەكرد؟ ئەوە لەئایەتەكانی دیكەی وەك سورەتی (الاحقاف)دا خوای گەورە بۆمان باس دەكات لە قورئاندا كە خەڵكانێكی تر داوای ئەوەیان كردووە كە قوربانییەك بكرێتو، دەبێت قبوڵ بێت نیشانەكانی قوبووڵبوونی قوربانیش زانراوە بە ﴿حَتَّىَ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ﴾ ئەگەر ئاگری لێبدایەو بسووتایە دەردەكەوت ئەو قوربانیە لەو سەردەمانە نیشانەكەی ئەوە بووە كە قبوڵ بووە، بەم شێوازە سەیر دەكەی مرۆڤایەتی هەر لەسەردەمی ئادەمەوە (علیە السلام) تاوەكو ئێستا قوربانی بەمەسەلەیەكی ئاینیی وەك

هـــی تـــەواوی ئاینـــەکان وەرگرتـــووە، بەمەبەســـتی نزیکبوونەوەی ئینسانەکان لە خودا.

لەسەرەتاوە کە خـوای گـەورە ئـادەم دەنێرێـت وەکـو یەکـەم مـرۆڤ و یەکـەم پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) لەوێوە دروشمە ئاینییـەکان دەردەکـەون، لـەدوای ئـەویش لادانەکان دەست پێدەکەن کە خەڵکی پـەنا بـۆ بتـەکانیش دەبەن دەڵێن ﴿إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ بەحیـسابی خۆیـان دەڵـێن: ئەمانـە لـە خوامـان نزیـك دەکەنـەوەو واسیتەی نێوان ئێمەو خودان.

کەواتە ئەوە لادان بوو لە تەوحیدەوە بۆ بت پەرستی هـەر بەهەمان شێوە ئەم قوربانیکردنەی کە بەشێوازە راسـتییەکەی کراوەو بە ئاژەڵ کراوە، بەڵام دواتر لادانێکی تێکەوتووە کە بـە مرۆڤ قوربانی بکرێ بۆیە دەبینی خوای گەورە کـە پێغەمبـەران دەنێرێت، پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر) بـۆ دوو وەزیفـە

دێــن وەزیفەیــەکیان گــشتییە، وەزیفەیەکیــشییان تایبەتــە، وەزیفەی گشتیی تـەواوی پێغەمبـەران ئەوەیـە کەبـەو خەڵکـە بڵێن ﴿أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ واتـە کـاری یەکـەمی گشت پێغەمبەران تەوحیدە، ئەم تەوحیدە بە مانای تەوحیـدی ئولوهیەتو ربوبیەتو ئەسمائوسیفات.

ئەمــە کــاری هــەموو پێغەمبەرانــە وەکــو یــەك، بــەڵام کارێکی تایبەتی پێغەمبەران ئەوەیـە لـە هـەر نەتەوەیەکدا چی سەری هەڵدابێت لەکاری خراپ، لەدیاردەیەکی خـراپ، ئەم پێغەمبەرە لەپاڵ تەوحیدیشدا ئەو کارەش دەکات بـۆ ئەوەی ئەو کێشەیە لە کۆڵ ئەم کۆمەڵگەیە بکاتەوە:

بڕوانە کاتێك کە موسا دێت (علیه السلام) سـیحر بـاوە لەنێو کۆمەڵگەداو، سیحر بـەهێزی کاریگـەر دەزانـن، بۆیـە خودای گەورە عەسای موسا دەکات بەموعجیزە بۆ ئـەوەی سیحری پێ بەتاڵ بکاتەوە.

لەسەردەمی عیسا (علیه السلام) کێشەی مەعادو زیندوبوونەوە هەیە، بۆیە ﴿وأحيي الموتى﴾ ئەوە موعجیزەی عیسایە (علیه السلام)، یان مەسیحەو دەست بەسەر ئەو مردوانە دێنیٚو زیندوویان دەکاتەوە بە ئیزنی خودا.

لەبەر ئەوە دەبینیت کاتێك کە خوای گەورە ئیبراهیم دەنێرێت، ئیبراهیم (علیه السلام) ئەو پێغەمبەرەیە کە باوکی پێغەمبەرانەو لە بابلو لەعێراقەوە دەست پێدەکاتو، سەریش دەکەوێت بۆ حەڕانو بۆ باکووری کوردستانی ئێستاو، لەدواییشدا دادەبەزێتەوە بۆ میسرو وادیی نیل.

کەواتە ئەم پێغەمبەرە هەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی کردووە، لەناوچەی نێوان دوو رووبار کە دەکاتە عێراقو بابل لەوێشدا لە وادی نیل کێشەیەك دروست بووە، ئەم دوو نەتەوانە بابلو وادی نیل هەستاون بەوەی کە مرۆڤەکان بکەن بە قوربانیی، مرۆڤ سەر دەبڕن لەپێناوی خواکانیان.

کاتێـــك ئیـــبراهیم دێـــت بـــۆ ناوچـــەی بابـــل، لەوێـــدا لەســـــەردەمی بابلیـــەکان لـــەو شـــوێنەو پەرســـتگاکانیان خواوەندی عەشتاریان دەپەرست، عەشتار لە زمانی دیکـەی وەك ســـریانییەکاندا واتـــە: ئەســـتار، ئەســـتار لـــەزمانی ئینگلیزیـدا واتـە سـتار، بـە کـوردیش دەبێتـەوە ئەسـتێرە، کەواتە ئەوانە ئەستێرەیان پەرسـتووە بۆیـە ئیـبراهیم (علیـە السلام) خوای گـەورە وای فێرکـردووە بـۆ ئـەوەی عادەتێـك بـەتاڵ بکاتـەوە وایکـردووە ئیـبراهیم (علیـە الـسلام) خـۆی عادەتەکە ئەنجام بدات لەپێشداو لەبەرچاویان بۆ ئەوەی کـە دواتر بۆیان بیسەلمێنێت کە ئەو عادەتە هەڵەیە، بـۆ نموونـە پێش مەسەلەی قوربانیکردنەکـە، ئـەوان عەشـتار، ئەسـتار، ستار یەعنی ئەستێرەیان دەپەرست، بۆیە لەبەرچاوی ئەوان دەیەوێت ئەم مەسەلەیە هەڵبوەشێنێتەوە بۆیـە ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا﴾ واتـە لەشـەودا کـە ئەسـتێرەیەکی

بـــینی، چـــونکە ئـــەوانیش ئەســـتێرەیان دەپەرســـت بۆیـــە فەرمووی ﴿هَـذَا رَبِّـي﴾ بڕوانـە چـۆن ئیـبراهیم بـە ئەسـتێرە دەڵێت خودای منە، لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خودایە، بـەڵام ئەمە هەر ئەو نمایشەیە کە دەبێـت لەبـەر چـاویان ئـەنجامی بدات هەتا بۆیان بسەلمێنێت، بۆیە ﴿فَلَمَّا أَفَـلَ قَـالَ لا أُحِـبُّ الآفِلِينَ﴾ ئەو گوتی: خودا چۆن دەبێت ئاوابێـت؟ بـەم کـارە بڕوای ئەوانی بەئەستێرە پەرستیی لاواز کرد.

کاتێك هەندێك کەسیش مانگیان پەرسـتووە، ئـەو دێـت ئەمجارە ئەم نمایشە دەکـات ﴿فَلَمَّـا رَأَى الْقَمَـرَ بَازِغًـا قَـالَ هَذَا رَبِّي﴾ دواییش کە مانگ ئاوا بوو پێی گـوتن: ﴿لَـئِن لَّـمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأَكُونَنَّ مِنَ الْقَـوْمِ الـضَّالِّينَ﴾ ئـەمجارە ویـستیی بیسەلمێنێت کە خۆریش ئاوا دەبێت، بۆیـە ئـەم نمایـشەی کرد ﴿فَلَمَّـا رَأَى الـشَّمْسَ بَازِغَـةً قَـالَ هَـَذَا رَبِّـي هَـذَآ أَكْبَـرُ﴾ چونکە خۆریش ئاوابوو، لەئەنجامیشدا ئەمیش فەرمووی:

﴿إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾.

کاتێك خوای گەورە ئەم نمایشانەی پێدەکات، دەگاتە ئەم ئەنجامە کە فەرمووی: ﴿إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السموات والأرض﴾.

بەم شێوازەش خەڵکەکەی فێرکرد لێرەوەیە دەبینیت ئێستاش لەزۆربەی ناوچەکانی دونیادا ئاڵای زۆربەی وڵاتەکان ئەستێرەیان تێدایە یان مانگ یان هەتاوی تیایە ئەمانە هەموویان پەرستراوی هەندێك لەو سەردەمانە بوونە.

هەر بەهەمان شێوەش خەڵکێك لەسەردەمی ئیبراهیمدا لەهەندێك بۆنەدا گەنجێکیان بەزیندوویی دەهێناو دەیانخستە ناو دیجلەوەو دەیانکرد بە قوربانی بۆ ئەو رووبارە، بۆ ئەوەی ئەو روبارە بە پیتو بەرەکەت بێتو ئاوەکەی بەردەوام بێت، هەر بەهەمان شێوەش لەمیسری کۆنو هەندێك لەگەلانی کەنارەکانی رووباری نیل کچێکی جوانیان دەرازاندەوەو، فڕێیان دەدایە نێو ئاوی نیل بۆ

ئەوەی ئەم ئاوە وشك نەكاتو بە بەردەوامی بێت، ئەمەیە ئــەو ســەردەمەی كــە ئیبراهیمــی تێــدا نێــردراوەو، شــتی لەمجۆرەی تێدا ڕوو دەدات.

سالآنە ئەمەیان دووبارە دەكردەوەو بوو بوو بە تەقلیـد لە وادی نیلو بابلو نێوان دیجلەو فوراتدا، جـا بـۆ ئـەوەی ئەم نەریتـەیان پـێ تـەرك بكـات، خـوای گـەورە هـەروەكو نموونــەی (كوكــبو قمــرو شمــس)ەكــە، ئیــبراهیم (علیــە السلام) شتێك دیكەشـی كـردووە كـە دەبینێـت خـەڵك بـت دەپەرستن، ئەو هات ئـەم نمایشەیـشی كـرد: هـات هـەموو ئەو بتانەی شكاند، دواتر تەورەكەی خستە سەر شانی بتە گەورەكەو، كاتێك ئەوانیش ئـەم دیمەنـەیان بـینی گوتیـان: تۆ بتەكانی ئێمەت شكاندووە؟ ئـەو فـەرمووی: ﴿بَـلْ فَعَلَـهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ﴾ واتە بتە گەورەكە ئەوانی دیكەی شكاند، پرسـیاریان لێبكـەن بـزانن دەتـوانن بێنە گۆو بدوێن؟، گوتیان جا چۆن ئەوانە قسە دەكەن؟

بەم نمایشە ئەمەیشی بۆ سەلماندن کە بتەکان زیان‌و سوود بە کەس ناگەیەنن.

بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، هەر بەم شێوازە خوای گەورە ویستی نمایشێکی کرداری دیکەی پێ ئەنجام بدات، بۆیە لەخەونددا فەرمانی پێکرد کە کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت، بەڵام لەڕاستیدا خودای گەورە مەبەستی نییە کە کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت، بەڵکو مەبەستێتی هەروەکو ئەم چەند نموونەی لەپێشەوە باسم کردن بۆ ئەوەی سەرئەنجام لەکۆتاییدا بەخەڵکەکە بڵێت کە خودای گەورە بە دەقی ﴿وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ﴾ پێمان دەفەرموێت: منداڵەکانتان سەرمەبڕن.

هەموو ئەم حیکایەتە وەکو ئەو تەتبیقاتانەی دیکەیە کە خودا پێیی دەکات بۆ ئەوەی بە عەمەلی بڵێ ئەوە منیش خودا ئەمری پێکردووم کوڕەکەم سەر ببڕم، بەڵام

دواتر هەر لەبەر چاوی ئەوان دەڵێت خـودا ئـەمری پێکـردم کە سەربڕین نییە، دەبێ قوربانی بۆ بکـەمو، بـەرانێکی بـۆ بکەم بە قوربانیی.

لێرەوە قوربانیی بەمانای جەژنی ژیانـە، لەبـەر ئەمەیـە ئێمە جەژن دەگێڕین چـونکە جـەژنی قوربـان یەکسانە بـە جەژنی ژیان، دڵخۆشین بەوەی خودا بە پەیامی ئیبراهیمیی ئیدی مەسەلەی قوربانیکردن بەمرۆڤەکان راگـرتو ئـاژەڵی کردەوە ئەو شتەی کە دەبێت بکرێت بەقوربانیی.

بۆیە پێغەمبەر دەفەرمووێت (أنـا ابـن الـذبيحين)، لێـرە بـۆت دەردەکـەوێ کـە بەبـەردەوامی مەسـەلەی تەوحیـد توشـی شـیرك دەبێـت خەڵکەکـە دێـن هەڵـە دووبـارەی دەکەنەوەو لەسەر ئەم رێگە جوانـە نـاڕۆن، بۆیـە دەبیـنین هەر لە جەزیرەی عەرەبیو عێراقیشدا جـارێکی دیکـە ئـەم عادەتـــە گەڕایـــەوە بۆیـــە لەجـــەزیرەی عەرەبیـــشدا

عەبدولموتەلیب هەستی کرد بێکەسەو لەناو قورەیشیەکاندا پێگەی لاوازە نەزری کردو گوتی ئەگەر خودا (دە) کوڕم بداتێ یەکێکیان دەکەم بە قوربانیی، واتە دیسان عادەتەکە گەڕاوەتەوە لەدوای ئیبراهیمو لەدوای موساو لەدوای عیسا، واتە دوای دوو هەزار ساڵ جارێکی دیکە عادەتەکە هاتۆتەوە، ئینجا لێرەش بۆت دەردەکەوێت کە جارێکی دیکە خودای گەورە نایەڵێت ئەم سەربڕینە روبدات بۆچی،؟ چونکە کە عەبدوڵموتەڵیب (دە) کوڕی دەبێت یەکێك لە کوڕەکانی عەبدوڵڵایەو دڵیشی نایەت بیکاتە قوربانیی، بۆیە قورعەی بۆ دەکات پاش راوێژکردن بە کاهینەکان، دێت ناوی عەبدوڵڵاو ناوی وشترێك دەخاتە تیروپشكو قورعەوە، پێیانگوت: ئەگەر وشترەکە دەرچوو ئەو کاتە وشترەکە سەربڕەو کوڕەکە سەر مەبڕە، بەڵام کە رایدەکێشێت هەر عەبدوڵلا دەردەچێت، لە بری هەر

راکێشانێکیـشدا دەبێـت دە وشـتر بکـات بـەقوربانیی، رایدەکێشیٚ هەر عەبدوڵڵا دەردەچێت بەڵام نایەوێت بیکات بەقوربانیی نایەوێت سەریبڕێت.

جارێکی دی ناوی ئەو و ناوی وشـترەکە ئەخاتـەوە نـاو کیسەکەوەو رایدەکێشێتەوە دیسان عەبدوڵڵا دەردەچـێت، بـەم شـێوازە بەبـەردەوامی دە جـار هـەر عەبـدوڵڵا دەردەچـێت هـەتا لەراکێـشانی یـانزەمین جـاردا ئینجـا وشترەکە دەردەچێت، کەواتە دە جاران دە دەکاتە سـەد، کەواتە ئەمەیە ئەو عورفـو عادەتە کە دەڵێن لەبری خوێنی کەسێك دەبێت سەد وشتر بدەیت، کە ئێستا دەبێت ئەمـە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت چونکە بەهای خوێنی ئینسانێك لە سەد وشتر زۆر زیاترە.

کەواتە ئـەم عادەتـە جـارێکی دیکـە گەڕایـەوە بەهـەمان شـێوە خـوای گـەورە ئـیرادەی وابـوو کـە دەبێـت عەبـدوڵڵا

بمێنێت، چونکە عەبدوڵلا سەر بڕدرایە پێغەمبەر دروست نەدەبوو، لەوادی نیلیش جارێکی دیکە لە زەمانی فتوحات بڕۆ بۆ سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب، عەمری کوڕی عاسی نارد فەتحی میسری کرد لە فەتحی میسریشدا لەوادی نیل نەریتەکە سەری هەڵدابۆوە، بزانە چۆن قوربانیکردن بە مرۆڤ سەرهەڵدەداتەوە عەمری کوڕی عاس نامەی نووسی بۆ عومەری کوڕی خەتاب وتی: یا ئەمیری موئمنین ئەو قەومە لێرە کچێك دەڕازێننەوەو دەیخەنە ناو ئاوی نیلەوە دەڵێن بۆ ئەوەی رووباری نیل وشك نەکات، عومەری کوڕی خەتاب نامەیەکی نووسی بەم شێوەیە (لەعومەری کوڕی خەتتابەوە بۆ رووباری نیل: ئەگەر بە فەرمانی خوا دێیت وەرە، ئەگەر بە ئەمریٚ خودا نایەت، پێویستمان پێت نییەو مەیە) پاشان گوتی ئەم نامەیەم بۆ بخەنە ناو رووباری نیلەوە، ئیدی نیل هەر ئەو نیلەیەو، لەو رۆژەوە هەر دێت.

ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەمان دەداتیّو دەمانباتەوە بۆ عادەتێکی خراپی دیکە، ئەوە بوو پاش ماوەیەك ئەو خەڵکی وادی نیلو ئەفریقیایە کە ویستیان بگەڕێنەوە سەر عادەتی بەقوربانیکردنی کچێك بۆ نیل، گوتیان ئێمە ئەم کچەمان لەبەر ئەوە دەخستە نیلەوە لەبەر ئەوەی ئەم کچە یان ژنە کچ ڕەمزی لەدایکبوونو مناڵبوونو بەپیتیو بەرەکەتی نەوە خستنەوەیە، بۆیە گوتیان با بەشێك لەشوێنی ڕەمزی ئەم لەدایکبوونە لە ئافرەت ببڕینو بیخەینە نێو نیلەوە، لێرەوە خەتەنەکردنی ئافرەتان لە ئەفریقیاو میسرەوە داهێنرا، کە ئەو خەتەنەیەیان دەکرد چیان لەو پارچە گۆشتە دەکرد؟ بۆچیان بوو؟ لێیان دەکردەوەو فڕێیان دەدایە ناو نیلەوە لەجیاتی ئافرەتەکە.

لێرەوە عادەتی خەتەنەکردنی کچان هاتە ئاراوە کە عادەتێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو عادەتێکی ئەفریقییەو لەبەر ئەم خورافاتانە کراوە کاتی خۆی.

جـا ئـەم حیکایەتانـە هـەمووی بەیەکـەوە کۆبکەیتـەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئیبراهیم (علیه السلام) باوکی هەموو پێغەمبـەران ئـەم کـارەی کـرد بـۆ ئـەوەی کۆتـایی بێنێـت بەسەربڕینی مرۆڤ و، بانگەشەکردنی ئەوەی کە نابێت مرۆڤ بکرێت بە قوربانیی.

بڕوانــە پێغەمبــەران باریــان زۆر قورســە واتــە ئــەرکی پێغەمبەران (درودی خویـان لەسـەر) زۆر قورسـە بڕوانـە بـۆ پێغەمبــەرمان (درودی خــوای لەســەر) ئــەرکی زۆر قــورس بووە، لەجاهیلیەتدا کابرایەك کوڕێکی دەکرد بە کوڕی خـۆی بە تـەبەنی، دەیگوت ئەمە کوڕی خۆمـە وەختێـك ئـەم کـوڕە کە لەراستیدا خوای گـەورە فـەرمووی ﴿ادْعُـوهُمْ لِآبَـائِهِمْ هُـوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ﴾ ئەمە کوڕی ئێوە نییـە ئەمـە کـوڕی بـاوکی خۆیـەتیو تەبـەنی راسـت نییـە، بـەس لـە جاهیلیـەتا مـادام کردت بە کوڕی خۆت ئەو کوڕە کە سبەی ژن دێنێـت ئەگـەر

ئەم کوڕە ئەم ژنـەی تەڵاقـدا یـا ئەگـەر ئـەم کـوڕە مـرد کـە کوڕی راستەقینەی تۆش نەبووە، تۆ بـۆت نـەبووە ئـەم ژنـە بخوازیـت، بەتاڵکردنـەوەی ئـەم عادەتـە پێغەمبـەری زۆر ئازاردا کاتێك خودا فـەرمووی ﴿فلمـا قـضى زيـد منهـا وطـرا زوجناكها﴾ یانی خودا پێـی دەڵێـت دەبـێ زەینـەب بخـوازی پـاش ئـەوەی کـە زیـد زەینـەب تـەڵاق دەدات، کـە کـوڕی پێغەمبەر بووە بە تەبـەنی، کـە تەڵاقیـدا دەبێـت بیخوازێـت، ئەو کاتەی کە دەیخوازێت ئەم کارە هەرایـەکی زۆر گـەورەی بۆ دروست کرد، بەڵام بزانە پێغەمبەران بۆ ئـەوەی عادەتێـك لادەن خودای گەورە سەرەتا کارەکەیان پێدەکات دواتـریش دەبێت خۆیـان هەڵیبوەشـێننەوەو خۆیـان تـەتبیقی بکـەنو سەرمەشق بن لەم مەسەلەیەدا.

ئیـبراهیمیش (سـەلامی خـوای لەسـەر) بـۆ لادانـی ئـەم عـادەتی قوربـانیکردن بـەمناڵ بـۆ رازیکردنـی خوداوەنـدە

دروستکراوەکان، خوای گەورە فێری دەکات بەو خەونە ﴿إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ﴾ کە فەرمانی خودای بۆ هاتووە کوڕی خۆی بکات بەقوربانیی، بەم کارەش خودا دەیەوێت بەم شێوازە بەخەڵك بڵێت ئەمە خودایە بەو دەقە وەحیی بۆ دەنێرێت، بەڵام دواتر دەڵێت: خەڵکینە خودا داوای لێکردم کە کوڕی خۆم نەکەم بەقوربانیی، بەڵکو لەبری ئەو بەرانێك دەکەم بەقوربانیی، بۆیە ئێوەش لەئەمڕۆوە کۆتایی بەو نەریتە خراپە بهێننو، ئەمڕۆش کە ڕۆژی کۆتایی هێنانە بەو نەریتە ڕۆژی جەژنی قوربانە.

ئینجا لێرە ببینە کە ئیبراهیم (علیە السلام) ئەم مەسەلەیەی کۆتای پێهێنا ئەوکات خەڵك بۆی دەرکەوت گوتیان باشە ئێمە ئەوەندە ساڵە ئەم هەموو خەڵکەمان کرد بە قوربانی بۆ دیجلەو بۆ فوراتو بۆ نیل بۆ ئالیهەکانمان خۆ ئەمە گوناهێکی زۆر گەورەمان کرد،

لەرۆژی ئەوەی کە ئیبراهیم (علیه السلام) ئیعلانی ئەمەی کردو ئیدی دەبێت کۆتایی بهێنرێت بەبەقوربانیکردن بەمرۆڤ، خەڵکی لەبەرەبەیانی ئەو جەژنەدا دەچوونە سەر گۆڕی ئەو مردووانەی کە کرابوون بەقوربانییو داوای گەردن ئازادییان لێدەکردنو، دوعای لێخۆشبوونیان لەخودا بۆ خۆیان دەکرد لەبری ئەو تاوانەی کە بەنەزانیی جاران ئەنجامیان دابوو، لێرەوە نەریتی چوونە سەرقەبران لەجەژنی قوربانەوە داهاتو دواتر جەژنی دوای رەمەزانیشی گرتەوە.

کتێبێك هەیە بەناوی (نهر الذهب في تأريخ حلب) شێخ (كامل الغزي) نووسیویەتی باسی ئەم مەسەلەیەمان بۆ دەکات لەڕووی مێژووەوە کە چوونە سەرقەبران لەکوێوە داهات، دەڵێت لەشام تەنها لەجەژنی قورباندا خەڵك یەکسەر لەمزگەوتەوە دوای نوێژی جەژن دەچنە

سـەرقەبران، کـە ئەمـەش پەیوەسـتە بـەو نەریتـەی ئـەو کاتەوە.

ئێستا مامۆستایانی ئاینیی راسـت دەکـەن کـە بەخـەڵك دەڵێن مەچنە سەر قـەبران لەجـەژنا بۆچـی؟ چـونکە ئێمـە خەڵکمان نەکردووە بە قوربانی تـا بـچین داوای لێبوردنیـان لـیٚ بکـەین ئـەم چـوونە سـەر قەبرانـە عـادەتی سـەردەمی ئیبراهیم بووە خەڵکەکە بۆ داوای لێبـوردن لـەو خەڵکانـەی کە کرابوون بە قوربانی.

مەسەلەیەکی گرنگتر هەیە کە ئاماژەیە بۆ راستیی ئـەم قسەیەمان کە قوربـانیکردن لـە مـرۆڤ گوشـتنەوە گـۆڕا بـۆ قوربـانیکردن بـەئاژەڵ، ئـەویش ئەوەیـە کـە مەسـەلەی خەونەکـەی ئیـبراهیمو سـەربڕینی ئیـسماعیل هـەمووی لەسوڕەتی (الـصافات) دایـە، سـافات (سـیو حەوتـەم)یـن سـوڕەتی قورئانـە، باشـە (الانعـام) لەکوێیـە لەقورئانـدا؟

(الانعام) شەشەمین سوڕەتە، شەشەمین سورەتەو (سەدو شەستو پێنج) ئایەتە، (الصافات) (سەدو هەشتاو دوو) ئایەتەو (سیو حەوتەم)ین سوڕەتە، لەبەینی (شەشەم)ین سوڕەت تاوەکو (سیو حەوتەم)ین، سیو یەك سوڕەت لەنێوانیاندایە، بەڵام لەڕاستیدا وەکو سەبەبی نزول (الصافات) راستەوخۆ لەدوای (الانعام) دابەزیوە خۆت دەزانی دانانی قورئان بەم تەرتیبە وەحیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وای فەرمووە کە (آل عمران) بخەنە دوای (البقرة) (النساء) دوای (آل عمران) ئەمە تەرتیبی پێغەمبەرە بە وەحی، بەڵام لەکاتی دابەزیندا وا نییە، بەپێی کاتی دابەزین یەکەم سورەت (اقرا)ە، کەچی لەو سەریشەوەیەو لە ئەوەلەوە دانەندراوە ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت بۆچی ئەو سوڕەتەی کە باسی ئیسماعیلو سەبڕینەکەی تێدایە (الصافات)ە بۆچی یەکسەر لەدوای (الانعام)دا دێت؟ وشەی (انعام) یانی چی؟ (انعام) یانی

ئــاژەڵ، دیــارە کــە ئــاژەڵیش پەیوەنــدیی هەیــە بەقوربانییــەوە، بۆیــە وەك بەرنامــەی قورئــان وایــە کــە زەمینەسازیی دەکات بۆ هـەر گۆڕانکارییـەك، بۆیـە خـودا لەسورەتی (الانعام)دا باسی جۆرەکانی ئاژەڵمان بۆ دەکات کـە دەشـێن بـۆ قوربـانییو، باسـی قوربـانیی هەڵـەی پێـشینانمان بـۆ دەکـات، پاشـان سـورەتی (الـصافات) دەنێرێـت باسـی چـیرۆکی ئیـبراهیمو ئیـسماعیلمان بـۆ دەکاتو، باسی قوربانیکردن بـەئاژەڵ دەکـات، کـە پـێش ئەمە سورەتی (الانعام) هەمووی بۆ باسکردووین.

لەبەر ئەمە سورەتی (الانعـام) پێگەیـەکی زۆر گـەورەی هەیـە چـونکە زەمینەسـازیی کـردووە بـۆ گۆڕانکـارییو بـۆ رزگارکردنی مرۆۋ لەکوشتنو کردنی بـەقوربانیی، سـورەتی (الانعـام) زەمینەسـازیی پـێش سـورەتی (الـصافات)ە بـۆ جەژنی ژیان.

پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت ئەم سوڕەتە جیاوازە لە هەموو سوڕەتەکانی تر بەچی؟ بەوەی کە هەموو سوڕەتە درێژەکان بەبەش بەش دابەزیون، بەلاّم هەموو سوڕەتی (الانعام) تەنها سوڕەتی (الانعام) (جملة واحدة) هاتۆتەوە خوارە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

دووەم: هەموو ئایەتێکی قورئان جوبریل بەتاقی تەنیا هێناویێتی، تەنها سوڕەتی (الانعام) نەبێت کە ئەم سوڕەتە بە مەوکیب هاتووە بەجوبریلو حەفتا هەزار مەلائیکە لەگەڵ جوبریلدا، بە ڤیستیڤاڵێك سوڕەتی (الانعام)یان جملەتەن واحیدە لەشەودا بە سەدو شەستو پێنج ئایەتەکەوە هێناوە بۆچی؟ چونکە ئەمە ڤیستیڤاڵ بووە خوا سوبحانەهو تەعالا لەدوای ئەم سوڕەتە (الصافات)ی ناردووە ﴿إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ﴾ وەك بلێی پێمان دەڵێت پێش ئەوەی خوای گەوەر باسی ئیبراهیمو

ئیسماعیلمان بۆ بکات بۆ سەربڕینەکە وا (الانعام)م بۆ ناردن بۆ ئەوەی بزانن کە قوربانی بەچی دەکرێت ﴿ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ مِّنَ الضَّأْنِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْمَعْزِ اثْنَيْنِ...﴾ کەواتە پێش ئەوەی حیکایەتی ئیبراهیممان بۆ باس بکات حیکایەتی (الانعام)ی بۆ باسکردین کەچی دەکرێت بە قوربانی چی ناکرێت بە قوربانی؟ چیش (شرك)ە لەقوربانی؟ هەموو ئەمانە لە(الانعام)و سورەتی ئاژەڵدا خودا بۆی باسکردین وەختێکیش کە سورەتی (الصافات)و حیکایەتی ئیبراهیممان بۆ دەنێرێ پێش وەخت پێی گوتوین قوربانیکردن بەچی دەکرێ‌و چۆن دەکرێ.

کەواتە لێرەوە بۆت دەردەکەوێت کە خودای گەورە مەبەستێتی تێمانبگەیەنێت لەسەردەمی ئیبراهیمەوە ئیدی قوربانیکردن بە مرۆڤەکان کۆتاییهاتووە، هەر لەبەر ئەوەشە لەڕووی شەرعیەوە (ابن القیم) دەڵێت (الفاظ کان

رسول الله( d ) یکره ان تقال) ئەو ئەلفازانەی کە پێغەمبەر حەزی نەدەکرد بگوترێن چیین؟ ئەوەی کە من بە تۆ بڵێم بە ساقەت بم، بەسەدەقەت بم، من نابێت بە سەدەقەی تۆ بم، تۆ نابێ بە سەدەقەی من بیت، من نابێت بڵێم بە قوربانت بم، تۆ نابێت بڵێی بەقوربانت بم، ئێمە خودا ژیانێکی پێ بەخشیوین، ئەو ژیانەی کە وەرگیراوە لە ناوی (الحی) خودا خۆی ژیانی پێ بەخشیوین، ئەم ژیانە سەرمایەی ئێمەیەو (انشاء الله) دەمان گەیەنێتە بەهەشت.

شتێکمان هەیە (توفیق)ییەو شتێکیشمان هەیە (توقیف)ییە، یەکەمیان وەك عادات، دووەمیان وەك عیبادات، قوربانییکردنیش لەبەشی عیباداتەو تەعەببودە بۆیە ئەمیان تەوقیفیە خودا فەرمووی ﴿ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ﴾ لەم هەشت جووتە دەکرێن بەقوربانیی کە ناویان ئەبا ئەمە خودای گەورە فەرمووی.

بەڵام لێرە شتێکی تر دەمێنێتەوە باسی بکەین کە خودا قوربانیی ئاسان کردووە بۆمان، ئەوەتا ئیمامی مالیك، ئیبنو ماجە دەگێڕنەوە لە عەتای کوڕی یەسار دەڵێ ئێمە لە (ئەبو ئەیوبی ئەنساری)مان پرسی: (کیف کان الرجل يضحي على عهد النبي( d )؟ واتە: خەڵك چۆن قوربانی دەکرد لەزەمانی پێغەمبەردا؟ گوتی: (كان الرجل يضحي عنه وعن أهل بيته بشاة) بە یەك مەڕ قوربانی دەکرد لەبری خۆیو خەڵکی ماڵەکەی.

کەواتە کە فوقەها گوتوویانە (وتجزي الشاة عن الواحد) واتە: مەڕێك بۆ یەك کەسە، پرسیارەکە ئەمەیە (ما المقصود بالواحد؟) واتە: مەبەست لەوشەی (الواحد) چییە؟ (ئەبو ئەیوبی ئەنساری) دەڵێت: (المقصود بالواحد" الرجل وأهل بيتة) واتە: مەبەست لە (الواحد) یانی پیاوەکە یان خاوەن ماڵەکەو کوڕەکەیو کچەکەیو دایكو باوکیو ئەوەی کە لەگەڵیدان لەو ماڵەدا.

کە دەڵێن وڵاخێکی بەرزە یانی گۆلکێك یان مانگایەك یان وشترێك بۆ حەوت کەسە، حەوت کەس یانی حەوت خاوەن ماڵ ئیدی هەر کەسە لەگەڵ ماڵەکەی خۆی چەند کوڕو منداڵی هەیە هەموویان داخیل دەبن لەگەڵیدا، ئەمە (دکتۆر یوسف قەرزاوی) زۆر بەجوانی لەسایتەکەی خۆی چەند ساڵە ئاماژەی پێ دەکات (المقصود بالواحد، الرجل وأهل بيته) بۆیە بەم جۆرە دەتوانین هەموو ساڵێك قوربانیی بکەین بۆ خۆمانو ماڵو کەسوکارمان بەو شێوازە.

هەموو جار لەخزمەتی زانایانی بەڕێزدا زوو زوو ئەم قسەیە دەکەم، دەڵێم ئێمە ئەتوانین هەموو شتێك بە دوو دیو بگێڕینەوە یانی وەختێك کە جەژن دێتو باس لە ئەم رووداوە دەکەین ئەمە باسکردنێکی قەدیمی کلاسیکانەیە کە مەبەستەکە ناپێکێت کە کاتێك منداڵێکی زۆر لەگەڵ باوکیان هاتوون بۆ مزگەوت ئێمە بڵێین: ئەوە ئیمانە ئەوە

ئیمانی ئیبراهیمە کە خودای گەورە پێیگوت کوڕی خۆت سەر ببڕە ئامادەبوو سەری ببڕێت ئنجا حیکایەتەکەش درێژە پێبدەین کە چۆن لەسەر زەوی رایکشاندو هەردوو دەستی بەستەوەو چەقۆکەی تیژکردو هێنای بە ملیداو، لێرەوە خەڵك دەست بە گریان دەکات..

کاممان ئیمانی ئیبراهیممان هەیە دەستەواژەیەکی مەترسیدارە، ئاخر چوار ساڵ لەمەوپێش کە خەتیبێك لە میسر گوتی کاممان ئیمانی ئیبراهیممان هەیە منداڵی خۆمان سەر بڕین؟ کابرایەك چووە ماڵەوە کچێکی هەبوو ناوی فاتیمە بوو سەری بڕی.

ئەم چیرۆکە ئاوا دەگێڕمەوە دەڵێم ئەمڕۆ جەژنە، ئەمڕۆ ئەو رۆژە بوو کە خودای گەورە ویستی کۆتایی بهێنێت بە قوربانیکردن بەمرۆڤەکان، ئەمڕۆ خودای گەورە ئەم فەرمانەی بە ئیبراهیم کرد (علیه السلام) کە کوڕەکەی

خۆی سەر ببڕێت مەبەستیشی نەبوو کە سەری ببڕێت بەڵکو مەبەستی بوو خەڵك فێری ئەوە بکات کە واز لەسەربڕینی نەوەو ڕۆڵەکانیان بهێنن، ئیدی کە ئیسماعیل گوێڕایەڵی باوکی بوو کارێکی زۆر چاکی کرد بۆ ئەوەی کە ئەم کارە پیشانی خەڵکەکە بدەن کە خوای گەورە بەئایەتی ﴿وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ﴾ رزگاری کرد.

ئەی مناڵینە ئەمڕۆ جەژنی ئێوەیە چونکە ئەگەر ئیبراهیم (علیە السلام) لەسەر دەستی ئەو، خودا کۆتایی بەمە نەهێنایە ئێستاکە باوکانی ئێوە ئێوەیان دەکرد بە قوربانیی‌و سەریاندەبڕین کەواتە ئەمڕۆ جەژنە جەژنی ئێوەیە، ئەمڕۆ جەژنی ژیانە جەژنی منالآنەو دەبێت دڵتان خۆشبێت.

ئەی دایکان ئێوە چەندە جگەرگۆشەی خۆتان خۆش دەوێت، ئێوە چەند دەترسن لەوەی کە جەرگتان بسوتێت، ئێوە ئەمڕۆ زۆر سوپاسی خودا بکەن، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە

کە خودای گەورە منداڵەکانی پێ بەخشینەوە، ئیدی کۆتایی هێنا بەم مەسەلەیە.

ئەی باوکان.. ئەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە منداڵان ئەمڕۆ بکەن بە ڕۆژی جیهانی منداڵان، ئەمڕۆ بکەن بە ڕۆژی جیهانی ژیان، ئەگەر ڕۆژێک هەبێت بۆ ڕۆژی جیهانی ژیانو نەتەوە یەکگرتووەکان بیەوێت بیکات بەڕۆژی ژیان، ئەوا دەبێت ئەو ڕۆژە ڕۆژی جەژنی قوربان بێت، چونکە تیایدا خودای گەورە کۆتایی هێنا بەوەی کە مرۆڤەکان بکرێن بە قوربانیو، بۆیە ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا ئێمە جەژن دەگێڕین.

ئەی زۆرێك لە میدیاو ڕاگەیاندنەکان ئیدی واز بهێنن لە پەیامی مەرگ دۆستیی، واز بهێنن لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە دراماو کوشتنو بڕینو ئەم بابەتانەی کە ئەمڕۆ بۆتە

مایـەی ئـەم هـەموو کوشـتنە لـەنێو کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، چونکە لە جەژنی قوربان خودا بە ئێمـەی موسـڵمانی گـوت ئیـدی کۆتـایی بهێـنن بـە کوشـتنی مرۆڤـەکانو مرۆڤـەکان دەبێت بژین.

ئەمە ئەو رۆژەیە کە خـودای گـەورە لـەڕۆژی قیامەتیـشدا لەو شتانەی کە لەحەقی خۆیـەتی لێمـان خـۆش دەبێـت وەك پێغەمبەر( d ) دەفەرموێت (اول ما یحاسب العبد یوم القیامـة الصلاة) ئەمە لەسەر نوێژ، چونکە پەیوەندی ئێمـەو خودایـە، بەڵام لەو ستەمانەمان خـۆش نابێـت کـە لەخـەڵکی دەکـەین، بۆیە پێغەمبەر( d ) دەفەرموێت: (اول ما یوضـع بـین النـاس یـوم القیامـة في الـدماء)، واتـە یەکـەم کەیـسی رۆژی قیامـەت لەسەر خوێنە لەسەر قەتلو کوشتنە، یەکـەم موحاسـەبەیەك کە دەکرێت لەڕۆژی قیامەتدا لەوەیە کـە مرۆڤـەکان دەرهـەق بەمرۆڤەکان دەیکەن لەقەتلو کوشتن، چونکە تۆ کۆتـایی بـە

ژیانی خەڵك دەهێنیت، ئەمە كاری تۆ نییە كۆتـایی بـە ژیـانی خەڵك بهێنیت، كەواتە بەم شـێوازە بـاس لەجـەژنی قوربـانو جەژنی ژیان دەكرێت، كە ژیانیش مانای جوانی خۆی لـەناوی جوانی ژێنەر (الحي)ی خوداوە وەرگرتووە.

بە داخەوە هەندێك وایـان دەوێـت كـە موسـڵمان نابێـت خۆشـی دەربـبڕێـت، بـەڵام بڕوانـە كـە دایكـی موسـڵمانان عائیشە (خوای لـێ ڕازیـی بێـت) دەڵێـت: (دخـل أبـو بكـر، وعندي جاريتان من الأنـصار تغنيـان بمـا تقاولـت الأنـصار يوم بُعاث، قالت: وليستا بمغنيتين. فقال أبو بكـر: أمـزامير الشيطان في بيت رسول الله( d )؟ وذلك في يـوم عيـد، فقـال رسـول الله( d ): (يـا أبـا بكـر، إنّ لكـل قـوم عيـدًا، وهـذا عيدنا). أخرجه البخاري.

واتە لەجەژندا لەماڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر) دوو كـچ گۆرانیـان گوتـووە، ئەبوبـەكری سـدیق چـووە

قەدەغەیان بکات گوتویەتی (چۆن دەبێت زوڕنای شەیتان لەماڵی پێغەمبەردا بێت؟) بەڵام پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێی فەرموو: وازیان لێ بێنە یا ئەبابەکر (ان لکل قوم عیدا وهذا عیدنا).

بڕوانە ئێستاکە ئێمە دەڵێین لەڕووی ئاینییەوە دوو جەژنمان هەیە، ئەمە راستە بەڵام نازانین خۆشی تێدا دەربڕین چۆن؟ بۆ نموونە تۆ جەژنی رەمەزانت هەیە، هەمووومان راهاتووین دەڵێین جەژنی رەمەزان هەموو قورئان تەماشا بکەی وشەی جەژنی رەمەزانی تێدا نییە، هەموو سوننەو هەموو فەرموودەکان بخوێنیتەوە وشەیەك نییە بەناوی (عید رمضان) یا جەژنی رەمەزان، ئێمەی کورد دەڵێین جەژنی رەمەزان، بەڵام ناوە راستەقینەکەی (عید الفطر)ە، بیکە بەکوردی نابێتە جەژنی رەمەزان، (عید الفطر) واتە: جەژنی رۆژوو شکاندن.

کەواتــە ئێمــە لەجــەژنی دوای رەمەزانـدا دەتــوانین وا بڵێین: خەڵکینە ئـەمڕۆ سوپاسـی خـودا دەکـەین کـە ئێمـە سەرکەوتین، ئەم رۆژە دوای ئەوەیە کە توانیمـان سـی رۆژ بـە رۆژوو بـین، ئیـدی ئـەوە ئـەم رۆژەیـە کـە ئێمـە تیایـدا سەرکەوتووینو بەم رۆژەش دەگوترێت (عید الفطـر) واتـە: جەژنی رۆژو شکاندن.

بەلأم ئێمە لەم رۆژی خۆشیو جەژنەدا دەبینین بەشێك لە مامۆستایان دەڵێن بەداخەوە ئـەوە رەمـەزان رۆیـشتو، خۆزگـە رەمــەزان نەرۆیـشتایەو، ئـیتر لـە پـانزە بـەدواوە (الـوداع)ی بـۆ دەکـەیتو (وداع) لـە زەمـانی پێغەمبــەردا نـەبووە، خـودا خـۆی دەفـەرموێت ﴿أَأَنـتُمْ أَعْلَـمُ أَمِ اللّـهُ﴾ خـودا زانایـە یـان ئێـوە؟ خـودا خـۆی فـەرمووی (شــهر رمضان) خودا رۆژووی رەمەزانی بە مانگێك دانا ئیـدی بـۆ تــۆ دەڵێیــت خۆزگــە هــەموو ســاڵەکە رەمــەزان بێــت،

فەرموودەیەکیش باس دەکەن لەو بارەیەوە، بەلاَم ئەو فەرموودەیە لاوازە، ئیدی لەگوتاری جەژندا ئەوەندەی باسی ڕەمەزان دەکەن ئەوەندە باسی جەژن ناکەن، بۆیە زۆرێك لەئامادەبووان دەست دەکەن بە گریان وەك بڵێیت ڕەمەزان پیاوێك بێتو ڕۆیشتبێت، دواتریش بەم گریانەوە پیاوان دێنەوە ماڵەوە ئیتر چۆن نانی جەژن بخۆنو بە چ هەستێك جەژنە پیرۆزە بکەن لەگەڵ کەسو دراوسێو خزمانیان؟

لەجەژنی قوربانیشدا باس باسی ئەو سەربڕینەیەو، خەڵك بەگریانەوە دێنەوەو، بەهەمان شێوە کەواتە ئێمە لەو دوو جەژنە ئاینییەمان چۆن خۆشی دەردەبڕین؟

دینی ئێمە دینی خەمۆکیی نییە، دینی خۆشی دەربڕینە، لەجەژنی ڕۆژووشکاندنو دوای ڕەمەزاندا دەبێت دڵمان خۆش بێت، دڵی مناڵاَنمان خۆش بکەین دڵی کەسو

خزمو دۆستانمان خۆش بکەین، دڵی خەڵکی خۆش بکەین، دڵمان بەوە خۆش بێت کە لەسەر دەستی ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەران، خودای گەورە کۆتایی هێنا بەو نەریتە مەرگدۆستانەی خەڵکی ئەو سەردەمە، بۆیە ئەگەر ئەو عادەتە کۆتایی پێ نەهاتبایە، ئەمڕۆ لەوانەبوو من تۆم نەدیبایە، لەوانەیە باوکی من منی بکردایە بە قوربانی، ئێمەو دەرو دراوسێو گشت خەڵکی بۆیە ماوین، بۆیە یەکدی دەبینینو بە حزوری یەکدی شادین، چونکە خودای گەورە لەسەر دەستی ئیبراهیم کۆتایی بەکوشتنی مرۆڤەکان هێنا.

جەژنی قوربان یەکسانە بە جەژنی ژیان، جەژنی قوربان ئەو رۆژەیە کە تیایدا بە ئیعلانی ئیبراهیمیی کۆتاییهات بە قوربانیکردنی مرۆڤەکان، ئەمە مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە بۆ ئێمە کە قورئان بایەخی ژیانمان پێ

نیشان دەداتو، ئایەتیش پشتگیری ئەمە دەکات ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ﴾ بۆچی ﴿إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ یعنی پەیامی پێغەمبەران پەیامی ژیانەوەن ئایەتی ﴿لِيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا﴾ پێمان دەڵێت: پەیامی پێغەمبەران بۆ زیندوانە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت زۆر بایەخ بە ژیاندۆستی بدەین لەجەژنی قورباندا نەك مەرگدۆستی.

لەهەمان کاتیشدا دەبێت بەدیلمان هەبێت بۆ بۆنەکانی دیکەش، تۆ بەگەنجێك دەڵێیت مەچۆ ڤیستڤاڵی خەڵکیی، ئەوە جەژنی ئێمە نییە، مەچۆ ڤالانتاین، مەچۆ نەورۆز، مەچۆ.. مەچۆ.. باشە ئەی بۆ ئاهەنگی کامە جەژن بچێت؟ دەڵێت تەنها بۆ جەژنی قوربانو رەمەزان، ئەیّ رەمەزانەکەشی ئاوا بۆ باس دەکەیت ئەمیان بەگریانەوە باسی تەواوبوونی رەمەزانەو، ئەوی دیکەشیان بەگریانەوە باسی سەربڕینی ئیسماعیلی بۆ دەکەیت؟ باشە ئەم گەنجە

داماوە چی بکات؟ کامەیە خۆشیی دەربڕین؟ تۆ جەژنەکانی خەڵك ڕەد بکەیتەوەو، جەژنی خۆیشت ئاوا پیادە بکەی، ئەمە چۆن دەبێت؟

بۆیە ئیمامی مالیك (بەڕەحمەت بێت) کاتی خۆی کە خەڵك ڕۆژووی شەشەڵانی دەگرت لەدوای ڕەمەزان، لەدووەم ڕۆژی جەژنەوە دەستیان پێدەکرد، ئیمامی مالیك دەیگوت: وامەکەن بۆ ئەوەی خەڵك وا تێنەگات کە ڕەمەزان سی‌و شەش ڕۆژە، خودا تەنها مانگێکی فەرز کردووە لەسەرمان ئەویدیکە سونەتە، بۆیە حەزی دەکرد شەشەلآن لەجەژن هەندێك دووربکەوێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك خۆشیی لەجەژنەکەیان ببینن.

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە گشت ڕێکخراوە ئیسلامییەکان‌و مامۆستایانی ئاینیی‌و ڕاگەیاندنی ئیسلامیی بۆمان روون بکەنەوە کە خۆشیی دەربڕینی

شەرعی کامەیە؟ هەر دەڵێن ئەوە ناشەرعییە ئەی کامە شەرعییەکەیە؟ ئەمە بەراستی دەبێت رونی بکەنەوەو بەدیلێکیش بدەنە خەڵك.

ئێستا ئێمە لەوڵاتی خۆمان بەداخەوە هەندێك کێشەمان هەیە لەڕووی تەندروستی وەك داودەرمانی ماوە بەسەرچوو یان خاوێن نەبوونی ئاو، خاوێن نەبوونی ژینگەو، کە دواتر نەخۆشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت بزانین کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەختێك پێی گوتین قوربانییکردن نزیکبوونەوەیە لە خودا، فەرمووشیەتی: (تنظفوا فأن الاسلام نظيف) پاك بن چونکە ئیسلام پاکە، کەواتە دەبێت قوربانیکردمان پاك بێت، دەبێت لەو خورافاتە دووربکەوینەوە کە کەسێك دەڵێت ماڵی تازەم کردووەو دەبێت لەبەردەمی ماڵەکەی خۆمدا ئاژەڵەکە سەرببڕمو، خوێنەکەی لەوێدا بڕژێت

دەستێکی خوێناوییش لەدیوارەکە بدەم، ئەمانە هەمووی خورافاتو ئەفسانەن، بەم شێوازەش لەبەردەمی ماڵی خۆتدا ئەم هەموو خوێنە دەرژێت، ئەم هەموو ناواخنو هەناوی ئاژەڵە دێتەدەر بەمە نەخۆشیی بڵاودەبێتەوە، بۆیە پێویستە کە شارەوانیو دەزگا تەندورستییەکان بەیەکەوە ئاگاداربنو، ئێستا سەربڕگە هەیە، قەسابخانە هەیە، شوێنی تایبەت هەیە، خەڵك دەتوانێت قوربانییەکەی بەرێت بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی پاكو خاوێنی ژینگەش بپارێزێ.

مادام ئێمە گەلێکی موسڵمانین، مادام ئێمە هەموو ساڵێك قوربانی دەکەینو زۆربەی خەڵکیش لەبەر ئەوەی –شوکر بۆ خودا– لەڕووی ئابوورییەوە باشن، کەواتە واچاوەڕوان دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆری خێزانەکان قوربانیی بکەن.

ئەوەشم لەبیر نەچێت کە سەحابە دەیانزانی کە مەڕێك یان بەرانێك بۆ خانەوادەیەك دەبێت، بەلاَم بۆچی دواتر یەك مەڕ یان بەرانیان بۆ تەنها یەك کەس دەکرد؟

وەلاَمەکەی ئەوەیە کە ئەبو ئەیوبی ئەنساری وتی (کان الناس على عهد النبي( d ) يضحي بشاة عنه وعن اهل بيته) دواتر دەڵێت: (ثم تباهى الناس فأصبح الأمر كما ترى) واتە: خەڵك لەخۆدەرچوونو موباهاتیان کردوو لەخۆ بابیبوونو پارەیان زۆر بوو، خۆش گوزەران بوون، ئیدی گوتیان بۆ مەڕێك بۆ یەك خانەوادە بێت؟ با بۆ هەر یەك کەس یەك مەڕ یان یەك بەران بکەین بەقوربانیی، ئەم عادەتە لەوێوە هاتووە لە خۆشگوزەرانیەوە هاتووە، ئەمڕۆش مادام خەڵك خۆشگوزەرانە بۆیە لەوانەیە ئەم عادەتە دووبارە ببێتەوەو، بەمەش قوربانیی زیاتر دەکرێت، بۆیە دەبێت شارەوانییو تەندروستی سەربڕگە

حکـومیی و ئەهلییــەکانیش بخەنــە خزمــەتی هاولاَتیــان، چـونکە ئەمــە خێرێکـی ئیجگـار گەورەیــەو، کـە خــاوەن قەسـابخانەو ســەربڕگەکان ئـەو شـوێنانەی خۆیـان بخەنـە خزمەتی هاولاَتیـان، بەمـەش دەبنـە شـەریك و هاوبـەش لـە هەموو ئەو خێرەی کە دەکرێت.

هەروەکو گوتمان روکنێك لەروکنەکانی ئیسلام رۆژووەو پەیوەسـتە بـەو جەژنـەوە، جـەژنی قوربـانیش قوربانییـەو پەیوەستە بە روکنێکی دیکـەی ئیـسلامەوە کـە بریتیـە لـە حەج، لەڕاستیدا هەر وەکو قوربـانیکردن بـەئاژەڵ پـەیامی کۆتاییهێنانــە بــە قوربــانیکردن بەمرۆڤــەکان راگەیانــدنی جـەژنی ژیـان، بەهـەمان شـێوە حـەجیش پێمـان دەڵێـت: مەوسیمی حەج ئاشتییە، چونکە پێغەمبـەر (علیـە الـصلاة والسلام) لەحەجی ماڵئاواییدا فەرمووی: ئەمـە چ مانگێکـەو ئەمە چ رۆژێکەو ئەمە چ مەوقعێکـە؟ هـەر خـۆی لەوەڵامـدا

فەرمووی: لەڕۆژی حەرامداو لـەمانگی حەرامـداو لەبەلـەدی حەرامـدا، خـودای گـەورە حـەرامی کـرد لێتـان کـە یەکـدی بکوژن، ئەمە ئەو ڕۆژەیـە کـە تیایـدا خـودا خـوێن ڕشـتنی ئێـوەی بەدەسـتی یەکـدی حـەرام کـرد، ئێمـە لـە بەلـەدی حەرامین لە شەهری حەرامین کە دەبێت ئیتر تەحریمکردنی خوێن ڕشتنی مرۆڤیش جاڕبدەین.

ئنجا کە حاجی لەبەلەدی حەرامدا لە شـەهری حەرامـدا ئیحرام دەبەسـتێت بـەرەنگی سـپیو بـەڕەنگی ئاشـتی بـۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت مەوسیمی حەج مەوسیمی ئاشتییە کـە تیایـدا ئێمـە ڕەنگـی سـپی لەبـەر دەکـەین، هـەر لـەم مەوسـیمەدا شـەیتان ڕەجـم دەکـەین، شـەیتان بـە مانـای وێنایەك بۆ شەڕ، بۆ کوشتار وەك ڕەمزێك کە ئێمـە بـەردی تێ ئەگرین، ئەمە هـەمووی بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی دەبـێ شەیتان لەناخی خۆشماندا ڕەجم بکەین، ئێمە ئەو بەردەی

لەویێ گرتمانە شەیتان مانای وایە ئێستا لەناخی خۆماندا دەبێت ئەوەمان کردبێت، ئەگینا ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا روودەدات، هەموو ئەو شەڕو کوشتارەی لەنێوان موسڵمانان خۆیاندا رودەدات، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان رەجمکردن لەناخی خۆماندا راستەقینە نەبووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەجەکەمان راستەقینە نەبوو، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو جۆرە موسڵمانانە نەیانزانیوە شەهری حەرام چییەو ﴿مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾ چییە؟ چونکە کە لەم چوار مانگەدا نابێت شەڕ بکرێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەوەیە کە تۆ فێر بیت لەچوار مانگدا شەڕ نەکەیت، ئیدی لە هەشتەکەی تریشدا بێگومان ناچیت بۆ شەڕ.

بەو مانایە ئێمە هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە کۆبکەینەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خودای گەورە

لــەم زەوییـــەدا بــۆ ماوەیــەکی دیــاریکراو ژیــانێکی پــێ بەخشیوین بۆ ئەوەی ئێـرە کێڵگـەمان بێـت بـۆ ئـاخیرەت، ساڵێك.. چەند ساڵ بژیت پاشان دەڕۆیت، کەواتە ژیان زۆر بـە قــەدرە دەبێـت زۆر خــەممان بێـت، دەبێـت لەدەسـتی نــەدەین، دەبێـت لەخــەمی ئــەوەدا بـین دوعـا بکـەین کـە زۆرترین کات بژین بۆ ئەوەی زۆرترین کات خزمەتی خەڵکی خودا بکەین، هەموو قورئان تەماشاکەی خودا پێمان ناڵێت (الموت في سبيل الله) چونکە قسەکە جوانە نیەتەکە باشـە، بەڵام با (الحياة في سبيل الله) فێربین لەپێناوی خوادا بـژی، کە تۆ لەپێناو خوادا ژیای مانای بەتەواوی لەپێناوی خـوادا مردووی، بەڵام ئەگەر دەستەواژەی مردن لـەپێناوی خـوادا پەرەپێبدەین خەڵکانێکی وەکو قاعیدە خەڵکانێکی دیکەی توندرەو ئـەوە بـەکاردەهێنن بـۆ ئـەوەی کۆتـایی بـەژیانی خۆیان بهێنن.

خودا ژیانی پێبەخشین بۆ ئەوەی لەم ژیانـەدا زۆرتـرین کاری خێر بکەینو خزمەتی ئینـسانیەت بکـەین بـۆ ئـەوەی خوای گەورە بەهشتمان پیێ ببەخشێت.

هیوادارم جـەژن لـە هـەموو کـەس پیرۆزبێـتو، هـەموو کەس بـەم مانـا ئاشـتیخوازو مـرۆڤ دۆسـتانەو ژیاندۆسـتانە لەجـــەژن بگـــاتو، کۆمەڵگـــەی ئێمـــەش کۆمەڵگەیـــەکی ژیاندۆست بێت.